هەرکەسێک تورەیی خۆی بخواتەوە، لە کاتێکدا کە توانای هەبێت دەریبڕێت؛ ئەوا خوای گەورە لە پێش هەموو بوونەوەرەکان بانگی دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ ئەوەی بە ویستی خۆی لە (حۆرییەکان:حور العین) هەڵبژێرێت

لە موعازی کوڕی ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک تورەیی خۆی بخواتەوە، لە کاتێکدا کە توانای هەبێت دەریبڕێت؛ ئەوا خوای گەورە لە پێش هەموو بوونەوەرەکان بانگی دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ ئەوەی بە ویستی خۆی لە (حۆرییەکان:حور العین) هەڵبژێرێت».

[حەسەن لغیرە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر مرۆڤ تورە ببێت لە کەسێک وتوانای هەبێت کە تورەییەکەی دەربڕێت وئازاری کەسی بەرامبەر بدات؛ بەڵام لە پێناو خوای گەورە واز لەمە بهێنێت، وئارام بگرێت لەسەر ئەو شتانەی کە هۆکار بووە بۆ ئەم تورەییە ئەوا ئەم پاداشتە مەزنەی بۆ هەیە لە قیامەتدا، بانگ دەکرێت لە پێش هەموو بوونەوەرەکاندا لە ڕۆژی قیامەتدا وبە ویستی خۆی هەر ئافرەتێکی لە ئافرەتانی بەهەشت لە (حۆرییەکان:حور العین) بوێت کە هەموویان جوان وچاکن ئەوا هەڵیدەبژێرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3287